# هەڤاڵ سکرتێری گشتی حزب لە دیدارێکی گۆڤاری ئێوەدا

**گۆڤاری ئێوە: پێناسەیەکی کورتی حزبی رزگاری؟**

**وەڵام:** حزبی رزگاریی کوردستان، حزبێکی نیشتمانی دیموکراتی پێشکەوتنخوازە، خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی بەیەکەوە گرێدەدات و لەژێر رۆشنایی فەلسەفەی سۆسیالیزم و یەکسانیخوازیدا هەنگاو هەڵدەگرێتەوە، هاوکات پەیرەوی لە دیموکراسی و سۆسیالیزم دەکات. لە رۆژی 15-8-1993 لەلایەن دەستەیەک تێکۆشەری دێرینەوە کە نوێنەری دووەمین کۆنگرەی حزبی یەکگرتنی کوردستان بوون، راگەیەندرا.

**گۆڤاری ئێوە: کار و خەبات و چالاکی و سنوری چالاکیتان؟..**

**وەڵام:** هەڵبەت کارو چالاکی حزبەکانی باشوور بە گشتی بریتیە لە کاری رێکخراوەیی و راگەیاندن و پەیوەندیەکان. حزبی رزگاریی کوردستانیش لە هەموو شوێنەکانی باشووری کوردستان رێکخستنی خۆی هەیە، لەبواری راگەیاندنیشدا هەفتەنامەی رۆژی گەل دەردەکات، هەردوو ماڵپەڕی 'رزگاری' و 'رۆژی گەل'یشی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتدا دەست بەکارن. لە بواری پەیوەندیەکانیشەوە توانیویەتی گەشە بە پێوەندیەکانی خۆی لەگەڵ سەرجەم حزب و رێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان بدات، تەنیا ئەو حزبانەی کە خۆیان حەزیان بەو پێوەندیە نەکردبێ.

**گۆڤاری ئێوە: هەڵوێستتان بەرامبەر بە حکومەتی هەرێم چییە؟..**

**وەڵام:** حکومەتی هەرێم بەرهەمی خوێن و قوربانی و خەباتی تێکڕای گەلی کوردستانە، ئێمەش بەگوێرەی توانای خۆمان لەپێناو گەیشتن بەو دەستکەوتانە تێکۆشاوین، تەمەنی لاوی خۆمان پێشکەش بەگەل و نیشتمان کردو چەکی پێشمەرگایەتیمان لە شان بووە، بۆیە بەهەموو هێزێکمانەوە پارێزگاری و داکۆکی لێدەکەین، هەرچەندە پێمانوایە کە حکومەتی هەرێم هاوێرکاری لەنێوان حزبەکان و خەڵکدا دەکات. بۆ نموونە ئێمە وەک حزبی رزگاریی کوردستان هەم پێشینەی خەباتی چەکداری و رێکخستنمان هەیە، هەمیش لێبڕاوانەو دڵسۆزانە لەپێناو ئەو دەستکەوتانە تێکۆشاوین بەڵام مخابن تەنیا ئەرکمان هەبووەو هەیەو بێماف کراوین. بەوهۆیەوە رەخنە لە ئەدای کارەکانی دەگرین، پێشمانوایە کە بەرەخنەی بەجێ دەتوانێ کێماسیەکانی خۆی راست بکاتەوە.

**گۆڤاری ئێوە: چۆن ئۆپۆزیسیۆن دەخوێننەوە..؟**

**وەڵام:** ئۆپۆزیسیۆن بۆ هەموو حکومەتێک پێویستییەکی ژیارییە، بوونی ئۆپۆزیسیۆنی بەهێز ،حکومەتێکی بەهێز بەرجەستە دەکات. هەر حکومەتێک ئۆپۆزیسیۆنی نەبێت، یان لاوازە یان دیکتاتۆرو ملهوڕە. حزبی رزگاریی کوردستان هەر لە سەرەتاوە باوەڕی وابووە کە دەبێ سەنگەری دەستەڵات و ئۆپۆزیسیۆن لەیەکتری جیا بکرێنەوە، بەو مەرجەی کە ئۆپۆزیسیۆن لە پرسە چارەنووسسازەکاندا هاوهەنگی لەگەڵ دەستەڵاتدا بکات، واتە لەبەرانبەر دەرەوەدا هاودەنگ و هاو ئاهەنگی دەستەڵات بێت، لە ناوەخۆشدا چاودێری بەسەر کارو چالاکیەکانی حکومەت بکات و کێبەرکێی لەگەڵدا بکات. سەندوقی دەنگدان بکات بە مەکۆی یەکلایی کردنەوەی ململانێکانی خۆی لەگەڵ حزبەکانی دیکەدا.

**گۆڤاری ئێوە: بە بۆچوونی ئێوە تا چەند ئۆپۆزیسیۆن پێشێلی ئەمنی قەومی کردووە لە تۆخ کردنەوەی پرسە لاوەکیەکان..؟**

**وەڵام:** ئۆپۆزیسیۆنی باشووری کوردستان بە ئوسولی خۆی ڕێی نەگرتووە، هەربۆیەش لەهەندێ پرسدا دووچاری کێماسی و کەمبینی دەبێ. بەوهۆیەشەوە هەندێکجار پرسی لاوەکی گەورە کردۆتەوە، لەوانەیە ئەوەش زیانی بە ئەمنی قەومی گەیاندبێ، بەڵام بەومەرجەی کە لایەنەکانی دەستەڵاتیش خۆیان لەپەنای ئەو پرسە لاوەکیانەوە نەشارنەوەو بەوهۆیەوە سنووری ئازادی رادەربڕین بەرتەسک نەکەنەوە. دەکرێ بڵێین کە هەردوو لایەن کەمتەرخەم و خەمساردن لە گەورەکردنەوەی پرسی لاوەکیدا، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە کە ئەو پرسەش هاوێربکرێت و یەک پێوەری دەکار بکرێ.

**گۆڤاری ئێوە: ئەو شەڕە جنێوەی نێوان سیاسیەکان و رۆشنبیران چۆن دبینن..؟**

**وەڵام:** شەڕە جنێو هەمیشە گورز لە پرسە گرنگ و چارەنووسسازەکان دەدات. رەوانییە کە سیاسیەکان و رۆشنبیرەکان پەرە بە شەڕە جنێو بدەن، باشتر وایە کە کێبەرکێی و ململانێ لەسەر پرۆژەی خزمەتگوزاریدا بکەن، گلەیی و گازاندە لەیەکتر بکەن، رەخنە لەیەکتر بگرن و راستیەکان وەک هەن بۆ خەڵک روون بکەنەوە. لەو روانگەیەوە من بە تەواوی دژی شەڕە جنێوو ناوزڕاندن و سوکایەتی پێکردنم، هیواخوازم کە ئێمەی کوردستانی بە لۆژیکی سەردەمیانە ململانێکانمان بەڕێوەببەین.

**گۆڤاری ئێوە: لەکاتێکدا تورکیا و ئیسرائیل بەرەو لێک دوورکەوتنەوە دەچن و لەوێوەش دۆستە دێرینەکانی جوو لەناوچەکە رۆژ لەدوای رۆژ کاڵ دەبنەوە، ئەوەی کە هاو پرس و کێشەیە لەناوچەکە کورد و جووە ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە سیاسة تمة دارةکانمان بە تایبة تی سەرکردایة تی سیاسي کوردی لەبری ئەوەی روو لە تاران و ئەنکەرە و دیمەشق بکات روو لە تەلئەبیب بکات..؟**

**وەڵام:** لەوانەیە بەرووکەش وا دەربکەوێ کە تورکیاو ئیسرائیل بەرەو لێک دوورکەوتنەوە دەچن، بەڵام راستیەکەی ئەوەیە کە حکومەتی دادوگەشەپێدان دەیەوێ سوود لەو بابەتە وەربگرێ و سەرنج و سۆزی عەرەب و ئیسلام بەلای خۆیەوە رابکێشێ، دەنا دامەزراوەی سەربازی و هێزەکانی دیکەی تورکیا زۆر کۆکن لەگەڵ ئیسرائیل، لە رابردووشدا لەپەنای ئەواندا درێژەیان بە فەرمانڕەوایی داوەو خۆیان لەبەرانبەر ناحەزو دوژمنەکاندا راگرتووە. تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی کەزۆرترین کێشەی لەگەڵ دراوسێکانیدا هەیە، بۆیە بەردەوام خاڵی ژیاری بۆ ئەو، بەهێز کردنی پێوەندیەکانی و دۆستایەتی ئیسرائیل بووە.

بێگومان دەبێ هێزە سیاسیەکانی کوردستان و سەرکردایەتیەکەی درزو دەرفەت بقۆزنەوە،بەوهۆیەوە گرەوەکە لە داگیرکەران و ناحەزانمان ببەینەوە. کوردستانیان بەبێ پرس و راوێژو خواستی خۆیانەوە دابەش کراون و نیشتمانەکەیان بە چوار دەوڵەت لکێندراوە، بۆیە دەتوانێ سوود لە ناکۆکی و ململانێی نێوان داگیرکاران و دوژمنانی ئەوان وەربگرێ. کورد کێشەی نەتەوەیی،نیشتمانی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئیسرائیلدا نیە، تەنیا دووشت لێکیان جیا دەکاتەوە، یەکەمیان ئایین، دووەمیشیان پرسی داگیرکاریی.

**گۆڤاری ئێوە: ئێمەی کورد تا چەند دەتوانین لێکترازانی پەیوەندیەکانی نێوان تورکیا و ئیسرائیل بقۆزینەوە و سوود لە دوژمنداریەکانی دوژمنەکانمان وەربگرین..؟**

**وەڵام:** هەڵبەت دەبێ کورد لێکترازانی نێوان داگیرکاران و دوژمنانی ئەوان بقۆزێتەوە، چونکە پێوەندیەکان زیاتر پێگەی ئابووریان هەیە. پێوەندیش پاراستنی بەرژەوەندی هاوبەشە، یان رێککەوتن لەسەر پاراستنی پەیوەندیەکانە. ئەگەر هێزو حکومەت و دەوڵەتێک ناحەزی لەگەڵ داگیرکارانی کوردستاندا هەبێ، باشتروایە لێی نزیک بێتەوە. وەک کورد گوتەنی: 'وژمنی دوژمنم، دۆستە'. ئێمە پێمانوایە دۆستایەتی و پێوەندیکردن لەگەڵ هەموو وڵات و گەلێک رەوایە بەمەرجێک بەرژوەندەکانی خۆمان نەدۆڕێنین.

**گۆڤاری ئێوە: ئایا پارتەکەی ئێوە هیچ بودجەیەک لە حکومەت و حیزبەکان وەردەگرێت بودجەکە چەندە و بەچي خەرج دەكرێت..؟**

**وەڵام:** حزبی رزگاریی کوردستان لە 24-6-1995دا مۆڵەتی کارکردنی لە حکومەتی هەرێم وەرگرتووە، بەوهۆیەوە حکومەت بودجەیەکی بیست ملیۆنی بۆ تەخان کردوە. پێموایە ئەمە کەمترین بودجەیە، چونکە حزبی رزگاری چەندین بارەگاو نووسینگەی لە شارەکانی کوردستاندا هەیە، هەفتەنامەی رۆژی گەل چاپ و بڵاو دەکاتەوە. دوو ماڵپەڕی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێتدا هەیە،پێشمەرگەی پاسەوانی هەیە، بێجگە لە کادرو ئەندامانی سەرکردایەتی. بێگومان بیست ملیۆن بەشی کرێی بارەگاو مووچەی پێشمەرگەو تێچووی راگەیاندنی ناکات. لەمێژووی خۆشیدا سێ کۆنگرەی بەستووە، دیارە هەموو ئەوانەش پێویستیان بە بودجە هەیە. سێهەمین کۆنگرەی حزبی رزگاری لە 1-1-2010 کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێنا، لەو کۆنگرەیەدا 5 ئەندامی سەرکردایەتی پێشو کە نەهاتبوون بۆ ناو کۆنگرە دەرکران، کەچی وەزارەتی ناوەخۆ بەبیانۆی ئەوەی هەندێک کەس لە دەرەوەی رزگاری ماونەتەوە ئەوە هەشت مانگە بودجەی حزبی رزگاری راگرتووە.

**گۆڤاری ئێوە: سەرۆکی هەرێمی کوردستان تا چەند سەرکەوتووبووە لە کارەکانی..؟**

**وەڵام:** سەرۆکی هەرێم لە ئەدای کارەکانی خۆیدا لە سەر ئاستی دەرەکیدا سەرکەوتوو بوە، بەڵام لەسەر ئاستی ناوەخۆدا وەک پێویست نیە، بەیەکچاو لە داخوازی خەڵک ناڕوانی، بۆ نموونە ئێمە وەک حزبی رزگاریی کوردستان دەیان نامەمان بۆی رەوان کردووە ئەو کێشانەمان بۆ دیاریکردوە کە لەبەردەم چالاکی حزبی رزگاریدا قوت دەکرێنەوە، بەڵام تەنیا جارێکیش وەڵامی ئێمەی بە ئەرێ و نەرێ نەداوەتەوە، جا نازانین ئەو نامانەی لێدەشارنەوەو پێینادەن یان ئەوەتا بایەخ بە کێشەو گرفتی حزبەکانی دەرەوەی دەستەڵات نادات؟!

**گۆڤاری ئێوە: دوو حزبي رزگاری هەبوو، یەک لەژێر باڵي پارتي و یەکێکیتریان لەژێر باڵي یەکێتي کاتێ بودجەشیان بۆ بڕایەوە کامە حزب بووە خاوەن ئەو بودجەیە..؟**



**وەڵام:** یەک حزبی رزگاریی کوردستان هەبوو، شەڕی نێوەخۆ سەریهەڵدا حزبی رزگاری بێلایەنی خۆی راگەیاندو خۆی بەسەر سەنگەری شەڕی نێوەخۆدا دابەش نەکرد، بەڵام کەسێک بە ناوی زەید مەحمود عەلی کە تەنیا چەند مانگێک بوو هاتبوە ناو حزبی رزگاری، ئەو شەڕەی بە دەرفەت زانی، بۆ ئەوەی بەرژوەندیەکانی خۆی بپارێزێ کە رەوشێکی ئابووری یەکجار خراپی هەبوو بارەگای حزبی لە شاری هەولێر بەجێهێشت، چوو بۆ مەسیف سەلاحەدین لەوێ کەوتە دژایەتیکردنی حزبی رزگاری و بەوە تۆمەتباری کردین کە ئێمە لایەنگیری لە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەین. راستیەکەی حزبی رزگاری تا کۆتاییش بەشداری لەشەڕی نێوەخۆدا نەکرد. دەبێ بڵێین کە ئیدارەی سلێمانی حکومەتی هەرێم لە کۆتایی ساڵی 1998 بڕیاری دا کە بودجەیەک بۆ حزبی رزگاریی کوردستا تەرخان بکرێ، ئەو بوودجەیە تەنیا 20 هەزار دیناری چاپی سویسری بوو، ناوە ناوە وەرمان دەگرت، دوایی لە سەرەتای ساڵی 2009 بودجەکە کرا بە بیست ملیۆن. واتە بودجەکە هی حزبی رزگاری راستەقینەیە نەک ئەو فۆتۆکۆپیەی کە بۆ بەرژەوەندی کەسێک بانگەشەی بۆ دەکرێ. تا کۆتایی مانگی 12ی ساڵی 2009 ئێمە ئەو بودجەیەمان وەرگرتوە، وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد کە سێهەمین کۆنگرەی حزب لە رۆژی 1-1-2010 پێنج ئەندامی سەرکردایەتی پێشووی لە ریزەکانی حزب دەرکرد، سێ لەوان چوونە لای کاک زەید مەحمود، ئیدی بەو هۆیەوە بودجەی حزبی رزگاری راگیراو دەستی بەسەردا گیرا. بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە وەزارەتی ناوەخۆ هەردوولامانی بانگ کرد، داوایان لێکردنی کە ئاشت بینەوە، ئێمە پێمان گوتن کە کۆنگرە بڕیاری دەکردنی سێ لەوانەی داوە کە ئێستا لەگەڵ کاک زەید کار دەکەن، بۆیە ناتوانین وەریان بگرینەوە، ئەگەر کاک زەیدیش خۆی دێتەوە با بفەرموێ! لەوێ لە وەزارەتی ناوەخۆ بە ئێمەیان گوت :' بەڵێ ئیجازەکە هی ئێوەیە، بوجەکەش هی ئێوەیە بەڵام کاک زەید بۆیە داوای بودجە دەکات چونکە سێ کەس لەلای ئێوە چونەتە لای ئەو' دیارە ئەو پاساوە زۆر لاوازە و کەسیش ناتوانێ بەو دوعایە بڵێ ئامین، چونکە ناکرێ هەر چەند کەسێک لە حزبێک دەرکران یان دابڕان ئیدی بودجەی ئەو حزبە لەت بکرێ یان رابگیرێ!

**گۆڤاری ئێوە: ئێوە لەکامە بەرەدا خۆتان دەبیننەوە، ئۆپۆزیسیۆن یان بێلایەن..؟**

**وەڵام:** حزبی رزگاریی لەبەرەی ئۆپۆزیسیۆن دایە، بەڵام ئۆپۆزیسیۆنێکی پۆزەتیڤ.

**گۆڤاری ئێوە: قورسایي نەبوونی هەر گروپ و حزبێک مانای نەبوونی ئەو حزبە دەگەیەنێت، بۆچي حزبەکەی ئێوە ئەو قورسایيە سیاسیەی نییە کە بتوانێ 2 کەس بهێنێتە سەر شەقام بۆ پرۆتستۆکردنی تۆپبارانەکانی ئێران و تورکیا یاخود بۆ هەر مەترسیەک کە بێتە سەر ئەو هەرێمە..؟**

**وەڵام:** حزبی رزگاری قورسایی زۆری هەیە، دەشتوانێ هەزاران کەس بێنێتە سەرشەقام بەڵام رەوشی ناجێگیری کوردستان ئەو رێیەمان پێنادات، نامانەوێ کارێک بکەین کە زیان بە بەرژەوەندی گشتی بگات یان لەبەرژەوەندی دوژمن و ناحەزان تەواو ببێ. خۆتان دەزانن کە دەوڵەتانی دراوسێ و زۆرێک لە هێزە رەگەزپەرستەکانی عێراق سەنگەریان دژ بە حکومەتی هەرێم گرتووە، دەیانەوێ یەکێتی ریزەکانی خەڵکی کوردستان بترازێنن، بۆ دروستکردنی گرفت و کێشەی ناوەخۆ کاردەکەن، بۆیە حزبی رزگاری کارێک ناکات کە داگیرکاران و ناحەزانی کوردستان دڵیان پێی خۆش بێت.

ئێمە لەهەموو رووداوەکاندا هەڵوێستی خۆمان بەیان کردوە، دژی ئەو تۆپباران کردنەیەن کە ئێران و تورکیا دژ بە گوندو ئاواییەکانی باشووری کوردستان ئەنجامی دەدەن، لەهەموو مەترسییێکیش کە بێتە سەر هەرێمی کوردستان ئێمە وەک پێشوو پێشمەرگەی حکومەتی هەرێم دەبین و پارێزگاری لێدەکەین.

**گۆڤاری ئێوە: حزبەکەی ئێوە لە ئەدەبیاتەکانیەوە دیارە کە حزبێکی نەتەوەییە، نەتەوەییترین حزبیش ئەمڕۆ پێویستە هەموو گرانایي خۆی بخاتە سەر کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان، ئێوەچیتان لە کەرکوک کردووە و دەتانەوێ چي بکەن..؟**

**وەڵام:** حزبی رزگاری لە راگەیاندن و بڵاوکراوەکانی خۆیدا بەردەوام لەسەر کەرکوک و ناوچە دابراوەکانی دیکە قسەی خۆی هەبووەو کردویەتی، زۆر شێلگیرانەش جەختمان لەسەر گێڕانەوەی ناوچە دابڕێندراوەکاندا کردوە، خواستومانە کە هێزە کوردستانیەکان جێبەجێکردنی ماددەی 140 بەکەن بە مەرجی هەر هاوپەیمانی و رێککەوتنێک لەگەڵ هێزەکانی دیکەی عێراقیدا.حزبی رزگاری کوردستان یەکەمین لایەنی سیاسی کوردستانی بووە کە دروشمی بەڕێوەبردنی ریفراندۆمی هێناوەتە رۆژەڤەوە. لە ساڵی 1993 لەگەڵ راگەیاندنی رزگاریدا ئەو دروشمە بەرزکراوەتەوەو کاری بۆ کراوە، ئێستاش ئێمە پێمانوایە کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان و بۆ دیاریکردنی چارەنووسی باشووری کوردستان دەبێ ریفرندۆمێکی گشتی لەژێر چاودێری نەتەوەیەکگرتووەکان بەڕیوەبچێ.

**گۆڤاری ئێوە: ماوەی چەند ساڵ دەبێت سەرۆکی ئەو حزبەی..؟**

**وەڵام:** لەوەتەی حزبی رزگاری هەیە، من سکرتێری گشتی ئەو حزبەم، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە؛ من ئەندامی سەرکردایەتی حزبی یەکگرتنی کوردستان بووم و لەگەڵ دەستەیەک کادری حزبی یەکگرتن حزبی رزگاریی کوردستانمان راگەیاند، دواتر لەهەرسێ کۆنگرەکەدا من بە دەنگی زۆرینەی نوێنەرانی کۆنگرە بۆ سکرتێری گشتی هەڵبژێردراوم، پێموایە ئەمەش یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی دیموکراتی. هەرچەندە لە دوەمین کۆنگرەی حزب کە 14و15ی تشرینی 2004 پێکهات، من بڕیارم دا کە لە سێهەمین کۆنگرە خۆم هەڵنابژێرمەوەو دەبێ کەسانێکی دیکە خۆیان کاندید بکەن، بەڵام بەهۆی

> **ئەگەر دەرکەوت لەهەر شوێنێکی ئەم دنیایەدا، کۆمپانیا، کارگە، سۆپەرمارکێت یان سەرمایەێکی دیکەم هەبێ ئەوە پێشکەش بەو کەسەی دەکەم کە دەیدۆزێتەوەو دەیسەڵمێنێ کە هی منە**

رەوشی پڕ گرفتی حزبی رزگاری لە سێهەمین کۆنگرە هیچ کەسێک خۆی کاندید نەکرد، هەروەها لەسەر پێداگری زۆرینەی رەهای نوێنەرانی کۆنگرە من پۆستی سکرتێری گشتیم پەسند کردوەوە.

**گۆڤاری ئێوە: بە بۆچوونی ئێوە کاتی ئەوە نەهاتووە کورد بایکۆتی بەشداریبوون بکات لە حکومەتی عێراق و هەوڵەکانی خۆي بخاتە گەڕ بۆ لێکجیابوونەوەی لە عێراقي عارەبي..؟**

**وەڵام:** دەمێکە کاتی ئەوە هاتووە کە کورد بایکۆتی بەشداربوون لە حکومەتی بەغداد دا بکات، بەڵام بەهۆی رەوشی ناجێگر و نالەباری عێراق و ناوچەکە هەمیشە کورد رەگەزی خێر بووە و هەوڵی داوە دوژمنان سوود لە ناکۆکیەکان وەرنەگرن، بەتایبەتیش ئەو دراوسێیانەی کە تەنیا ناحەزێتی و دوژمنکاری لەگەڵ کورد دا دەکەن، دەنا ئێمە باوەڕمان بە سەربەخۆیی کوردستان هەیە، پێشمانوایە درەنگ یا زوو باشووری کوردستان سەربەخۆیی خۆی وەردەگرێتەوەو لە عێراق جیا دەبێتەوە.

**گۆڤاری ئێوە: پیوونی کونسوڵخانەی ئێران لە هەموو شارەکانی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێني..؟**

**وەڵام:** بوونی کۆنسوڵخانە شتێکی ئاساییە، چونکە هەرێمی کوردستان دەیەوێ پێوەندی لەگەڵ دراوسێکاندا هەبێ، ئەگەر پێوەندی نەبێ، وەکو پێویست کارەکان هەڵناسوڕێن، دواتر خۆ حکومەتی هەرێم خۆی نەکردۆتە لایەنێک لە کێشەکانی نێوان کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان و دەوڵەتانی دیکە؟! بۆیە بوونی کۆنسولخانە بەشتێکی ئاسایی و باش دەبینم.

**گۆڤاری ئێوە: کاندیدکردنەوەی بەرێز جەلال تاڵەبانی چ سوودێکی بۆ دۆزی رەوای کورد دەبێت لە عێراق..؟ ئایا بەم پۆستە ئێمە زیاتر رووەو عێراقچێتی ناڕۆین..؟**

**وەڵام:** مادام هێزە سیاسیەکانی باشووری کوردستان باوەڕیان بە فیدراڵی هەیەو دەیانەوێ لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵدا بمێننەوە، بوونی کورد لە پۆستە گەورەکانی حکومەتی ناوەندیدا کارێکی گرنگ و پێویستە. لەو روانگەیەوە کاندیدکردنەوەی رێزدار مام جەلال بۆ پۆستی سەرکۆماری عێراق سوودێکی زۆری بۆ هەرێمی کوردستان هەیە، هەر کاتێکیش هەرێمی کوردستان بڕیاری سەربەخۆیی بدات ئەوە بوونی کەسانی ناسراوی وەک رێزدار تاڵەبانی لەبەرژەوەندی کورد تەواو دەبێ.

**گۆڤاری ئێوە: تا ئێستا لە رووی مومتەلەکاتەوە سوود مەندبوویتە..؟ هیچ کۆمپانیا و کارگە و سوپەرمارکێت و شوێنی بازرگانیتان هەیە وەکو شەخس..؟**

**وەڵام:** بە راشکاوی دەڵێم کە من نەک سوودمەند نەبوومە بەڵکو زیانێکی زۆر گەورەشم کردوە، نەک هەر کۆمپانیا، کارگەو سۆپەرماکێت و شوێنی بازرگانیم نیە، بەڵکو ئەوەی هەشم بووە لە سەر حزبی رزگاریم داناوە. بەر لەوەی حزبی رزگاری دروست بکەین، من سێ خانوو، دوو سەیارەو دوو پارچە زەویم هەبوو، بەڵام ئێستا تەنیا هەیکەلێکی خانووم ماوە، وێڕای ئەوەی کە سولفەی عەقارم بۆ وەرگرتوە بەڵام بۆم تەواو نەکراوە، هەروەها سەیارەیەکم هەیە ئەویشم بە قست دەرهێناوە. بۆیە زۆر بێباکانە دەڵێم ئەگەر دەرکەوت لەهەر شوێنێکی ئەم دنیایەدا من کۆمپانیا، کارگە، سۆپەرمارکێت یان سەرمایەێکی دیکەم هەبێ ئەوە پێشکەش بەو کەسەی دەکەم کە دەیدۆزێتەوەو دەیسەڵمێنێ کە هی منە. من نەک سوودمەند نەبوومە بەڵکو بۆ حزب خۆم دووچاری قەرزیش کردوە، من لە خۆڕاوە قسە ناکەم و بەڵگەم هەیە، من تاکە سکرتێرم کە بۆ حزب کرێکاریم کردبێ و پارەکەم بە ئەندامانی حزب دابێ، تاکە سکرتێرێکم کە پارەم قەرزکردوەو بۆ حزبم سەرف کردوە، هەروەها دووجاران حکومەتی هەرێم وەک شەخس هاوکاری کردووم، من هەردووجارەکە پێشکەش بە حزبم کردوە.

**گۆڤاری ئێوە: دوا پەیام و گووتەی بەرێزتان..؟**

لەکۆتاییدا زۆر سوپاسی ئێوەی بەرێزو خوێنەرانی خۆشەویست دەکەم، هیوادارام کە رۆژنامەوانان بەدوای راستیەکاندا بگەڕێن، رەش و سپی لەیەکتر هاوێر بکەن و چاک و خراپ بەیەکەوە نەسووتێنن، چونکە پەتی درۆ و بوختان کورتە درەنگ یا زوو راستیەکان ئاشکرا دەبن، سەربەرزی بۆ ئەوانە دەمێنێتەوە کە نەکەوتوونەتە داوی درۆچن و چەواشەکاران.

**تێبینی: کاک شێرزاد عومەر مەحمود سەرنووسەری گۆڤاری ئێوە ئەم دیدارەی لەگەڵ هەڤاڵ سکرتێری گشتی ئەنجامی داوە و لە گۆڤاری ئێوەشدا بڵاو کراوەتەوە،**

**رۆژی گەل**